**بەردەوامبوون لە گەشەکردن و پێشکەوتن**

1. کاتی تەواو: هەوڵبدە بەردەوام بیت لەگەڵ عیسای مەسیحدا، بۆ ئەو مەبەستەش کاتی تەواوت هەبێت، باشترین و ڕاسترین شێواز بەکاربهێنە. سەیری نامیلکەی (1) پاشکۆی (1) بکە، باشترین ڕێگا بۆ خوێندنەوە و بەکارهێنانی ئینجیل دەربارەی دروستکردنی تێبینی.
2. لەبەرکردن: بەردەوامبە لە هەڵبژاردنی ئایەتی تازە لە ئینجیلدا، بۆ لەبەرکردن و خوێندنەوەی ئایەتی گرینگ و لەبەری بکە. سەیری نامیلکەی (1) پاشکۆی (5) بکە هەروەها بەردەوامبە بە پێداچوونەوەی پێنج ئایەتی لەبەرکراوی کۆتایی هەموو ڕۆژێك.
3. خوێندنەوەی ئینجیل: بەردەوامبە لە خوێندنەوەی ئینجیل و کتێبەکەی خۆت بەکاربهێنە، پێنج هەنگاوەکەی خوێندنەوەی ئینجیلیش بکە بنچینە، بەڵام وا باشە کە لە سەرەتادا سیپارەکانی پەیمانی نوێ بخوێنیتەوە پێش ئەوەی سیپارەکانی پەیمانی کۆن بخوێنیتەوە، لەبەر ئەوەی دەبێت پەیمانی کۆن لەژێر ڕۆشنایی پەیمانی نوێ ڕوونبکرێتەوە.
4. پاڕانەوە: بەردەوامبە لە نزاو پاڕانەوە بۆ کەسێك یان شتێکی دیاریکراو, هەموو هەفتەیەك هەروەها سەیری "زەبورەکان 5 : 3" بکە.
5. هاوڕێییەتی باوەڕداران: بەردەوامبە تاوەکو لەگەڵ باوەڕدارانی دیکە هاوڕێیەتی بکەیت لە نوێژ و کۆبونەوەکاندا (لەماڵەوە یان لە کڵێسا یان شوێنی دیکەی تایبەت).
6. ئارامی و بەردەوامی: هەوڵبدە ئارام بیت و بەردەوام بیت "یۆحەننا 15 : 5 ، 8 ، 16 " هەروەها دەبێت شایەتی بۆ عیسای مەسیح بدەیت "مەتتا 10 : 32 ، 1پەترۆس 3 : 15 ـ 16 ".
7. قوتابییەتی: بەردەوامبە لە شوێنکەوتنی عیسای مەسیح و شتی لێوە فێربە و بەرنامەکەی پەیڕەو بکە " مەتتا 7 : 24 ـ 27"

**دروستکردنی گروپی نوێ**

هەرکاتێك مەشق و ڕاهێنانی گروپێکی باوەڕدارانت تەواو کرد دوو شت ئەنجام بدە:

1. با ئەوانی دیکە گروپی نوێ دروست بکەن.

داوا لەو گروپەی باوەڕداران بکە کە مەشق و ڕاهێنانت پێ کردوون تاوەکو گروپی دیکەی بچووکی نوێ دروست بکەن, لەوانەی دەیانەوێت لەڕووی ڕۆحیەوە گەشە بکەن.

2. تۆش خۆت گروپێکی نوێ دروست بکەوە.

هەوڵبدە خۆت گروپێکی دیکەی نوێ دروست بکەیت لە باوەڕداران، هەوڵبدە کۆرسی تەواو بەکاربهێنیت, ئەو کۆرسەش لەم بنچینانەی خوارەوە پێك دێت:

| | | |
|---|---|---|
| پڕۆ قوتابی دروست بکە | 48 وانەی قوتابی دروستکردن: | نامیلکەی 1 : 4 |
| پڕۆ کڵێسای مەسیح دروست بکە | 48 وانەکانی کڵێسا: | نامیلکەی 5 : 8 |
| پڕۆ ووتار بدە | 48 وانەکانی ووتار لەجیهاندا: | نامیلکەی 9 : 12 |

**پاشکۆی 1**

بەخشین

بەخشینی یەك لەدەی بەرهەم لە پەیمانی کۆندا

لە پەیمانی کۆندا لەڕووی یاساییەوە پێویست بوو دەیەکی بەرهەمەکەت ببەخشی. لەبەر زیاتر چڕبوونەوە لە عیسای مەسیح, ئینجیل باسی ئەوە ناکات کە ئێمە دەیەکی بەرهەم بدەین و چۆنی بدەین, دەیەك دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پەیمانی کۆن, واتا یاساکانی سەردەمی پەیمانی کۆن هەروەکو ئەو کاتە لە پەرستگا و قوربانی ئاژەڵ و خەتەنەکردنی جەستەیی لەئارادابوو, بەم شێوەیە هەندێك لە ئەو یاسایانەی پەیمانی کۆن لە پەیمانی نوێدا وەلانراوە.

**أ- دانی دەیەك لەسەردەمی کۆندا.**
1. دانی دەیەك سنوردار نەبوو بۆ ئیسڕائیل.
دانی دەیەك لە بەرهەمی زەوی و زار، یان بەرهەمی بازرگانی یان دەستکەوتی شەڕ، ئەوانە هەموو لە سەردەمی کۆندا هەر لە سەردەمی سامییەکانەوە هەبووە.

**2. دانی دەیەك لە مێژووی ئینجیلدا چەند مانایەکی جیاوازی هەیە.**

**دانی دەیەك وەکو نیشانەی ڕێز و گرینگی پێدانی ئەو کەسەیە.**
ئیبراهیم لە ساڵی (2167 ـ 1992 پ.ز) دەیەکی لە دەستکەوتی جەنگ بەخشیە مەلیکی سادق کە پاشای سالم و کاهینی بەرزی خودا بوو, ئەمەش نیشانەی ڕێزبوو بۆ کەسێك بەرانبەر کەسێکی دیکەی گرینگتر "پەیدابوون 14 : 18 ـ 20 ".
دانی دەیەك وەکو نیشانەی پاك بوونەوە.
یاقوب (2007 ـ 1860 پ.ز.) پەیمانی بە خودا دا لە بێت ئێل "پەیدابوون 28 : 20 ـ 22 " یاقوب نەزرێکیشی نەزرکرد و وتی: (ئەگەر خودا لەگەڵ من بێت و بمپارێزێت لەم ڕێگایەدا کە پێیدا دەڕۆم و نانی پێدام بیخۆم و جلوبەرگیش بیپۆشم، بە سەلامەتیش گەڕامەوە لای ماڵی باوکم ئەوا خوداوەند دەبێتە خودای من. ئەم بەردەش کە بە ستوونی ڕاگیرم کردووە، دەبێتە ماڵی خودا و هەرچییەکیشم پێ ببەخشیت ئەوا دەیەکی هی خۆتە).

**بەخشین وەکو نیشانەی دانەوەی قەرز لە دونیادا**
یوسف نزیکەی (1877 پ.ز.) پێوانەیەکی خێرای بۆ میسرییەکان دامەزراند, تاوەکو دوو لەوەی بەرهەمەکانیان ببەخشێتە فیرعەون "پەیدابوون 47 : 24 ـ 26 " ئەوە وەکو بەخشینێکی دونیایی وایە و دەبێت جیا بکرێتەوە لە بەخشینی پیرۆز.
دانی دەیەك وەکو نیشانەی هاریکاری بۆ خزمەتی پەرستن لە پەیمانی کۆندا.
خودا فەرمانی کردووە بە بەخشینی پیرۆز بەو یاسایەی کە دایە موسا ( 1447 ـ 1407 پ.ز.) ئەمەش بە مەبەستی خزمەتی پەرستن و خۆشویستنی خودا لەلایەن خەڵکی سەردەمی پەیمانی کۆن.

**دانی دەیەك وەکو دانی باجی پادشایە**
سامۆئیلی پێغەمبەر (1060 ـ 1032 پ.ز.) پادشای ئیسڕائیلی ئاگادارکردەوە کە باشترین ژن و پیاو هەڵبژێرن بۆ ئەوەی دەیەکی باجەکان کۆبکەنەوە و بۆ ئەوەی فەرمانڕەوایی دونیایی بەڕێوەبەرن "1 سامۆئیل 18 : 11 ـ 20"
سەرنج: هەموو ئەم نموونانە مێژووین جگە لە (یاسای دانی دەیەك لە پەیمانی کۆندا)

**ب- دانی باج و بەخشین بەپێی پەیمانی کۆن**
1. دانی دەیەك بەشێك بووە لە نەریتی یاسای ئیسڕائیل (1447 ـ 1407 پ.ز.)
أ- پێکهاتەکانی یاسای فەرمی ئیسڕائیل
- کەسانی پیرۆز (کاهین، مالم, قەشە)
- شوێنە پیرۆزەکان (پەرستگا، چادری کۆبونەوە، کڵێسا)
- کاتی پیرۆز (جەژنە ئایینییەکان، ڕۆژی بەڕۆژووبوون)
- کاری پیرۆز ( قوربانی کردن، پێشکەشکردن، پیرۆزکردن و دانی دەیەك و دەست نوێژ و خواردن و پاکبوونەوە)

**مەبەست لە یاسای فەرمی**

یاسای فەرمی مامەڵە لەگەڵ شتە گشتییەکانی وەکو پەرستنی خودا لە شوێنی پیرۆز.
لە پەیمانی کۆندا ئەوەش ڕوونکراوەتەوە کە خەڵك چۆن لە خودا نزیك دەبنەوە و دەیپەرستن، خودا فەرمانی بە ئیسڕائیل کرد کە هەموو بتەکان تێکبشکێنێت, نەوەکو بپەرسترێن "وتەکان 18 : 9 ـ 13" خودا شوێنێکی هەڵبژارد کە هەموو باج و بەخشینەکان ببەنە ئەوێ "وتەکان 12 : 1 ـ 6" نۆبەرەی گیاندارەکان وەکو خواردن پێشکەشی کاهینەکان دەکرا "ئامار 18 : 15 ـ 20" یان ئەو پێشەبەرانەی وەکو خواردن پێشکەش دەکران لە جەژنی قورباندا یان لە هەندێك ڕێورەسمە ئایینییەکاندا "وتەکان 12 : 7 ، 17 ".

2. ناوەڕۆکی دانی دەیەك کە هەمووی بە یەك گوژمە بدرێت جێگیر نەکراوە.
بەپێی هەندێك سیپارەی ناو پەیمانی کۆن بەخشینی دەیەك دەدرێت, لە هەموو ئەوەی لە زەویەکەتدا ساڵانە بەرهەم دێت, وەکو: گەنم و جۆ و ... هتد "نحەمیا 10 : 37 ، 13 : 12 ، ئامار 18 : 27 ـ 30 ، وتەکان 14 : 22 ـ 23 ، 26 : 12"
3. مەبەستی دانی دەیەك هەمووی وەك یەك نییە: پەیمانی کۆن باسی تەنها یەك جۆر بەخشین ناکات, بەڵکو باس لە سێ جۆری پیرۆز دەکات:
.1 یەکەم بەخشین بەخشینە بۆ ئەندامانی لێڤی: "ئامارەکان 18 : 5 ـ 7 ، 20 ـ 24 ، لێڤییەکان 27 : 30 ـ 33 " بخوێنەوە.

**یەکەم بەخشین بۆ خزمەتی چادرگەی کۆبونەوە بوو**

موسا داوای یارمەتی کرد لە هۆزی لێڤی، تاوەکو لە چادری کۆبونەوەدا یارمەتی بدەن. هەروەها پاشان لە پەرستگادا تەنها یەك خێزانی لێڤییەکان کە خێزانی هاڕوون بوو وەکو کاهین لەو چادرگەیەدا خزمەتی دەکرد. لێڤییەکانی دیکە لە چادری کۆبونەوەدا کاری دیکەیان جێبەجێ دەکرد, لەبەر ئەوە موسا بانگی لێڤییەکانی کردبوو بۆ کار، موسا فەرمانی کرد کە دەیەك بدرێتە ئەوانەی کە لەو چادرەی کۆبونەوەدا خزمەتیان دەکرد کە هۆزی لێڤی بوون.
یەکەم بەخشین بۆ لێڤییەکان بوو: بەخشینی ئیسڕائیلییەکان دەدرایە لێڤییەکان, وەکو پاداشتێك بۆ ئەو کارەی کە لە چادری کۆبونەوەدا دەیانکرد.
یەکێك لەو بەخشینە یەکەمینانەی بۆ کاهینەکان
لەگەڵ ئەوەشدا کە دەبووایە باشترین لەو بەخشینەی دانەوێڵە و شەراب بدەنە کاهینەکان ئەمەش بەخشینی لێڤییەکان بوو بۆ موسا، هەروەکو هەموو ئیسڕائیلییەکان دەبووایە باشترین و چاکترین جۆری شەراب و دانەوێڵەیان بدابووایە، وەکو بەخشینی ئەو بەرهەمەی هەیانە بۆ موسا "ئامار 18 : 12".
موسا ئەمانەی خوارەوەی دیاری کردبوو بۆ کاهینەکان، وەکو داهاتیان:
- زۆربەی بەخشینە پیرۆزەکان یەکەم بەرهەمی دروێنەکان و نۆبەرەکان, هەموو شتێك کە تەرخان کرابوو بۆ موسا "ئامار 18 : 8 ـ 19 ، وتەکان 18 : 1 ـ 5 ".
- دەیەکی بەخشینەکە دەدرێتە لێڤییەکان "ئامار 18 : 25 ـ 28".
- بەشێك لە دەستکەوتی جەنگەکان "ئامار 31 : 25 ـ 29 ".
2. دووەم بەخشین بریتی بوو لە بەخشین بۆ جەژنی خۆشی لە ئامادەی خوداوەندا "وتەکان 12 : 5 ـ 7، 11 ـ 19، 14 : 22 ـ 27" بخوێنەوە.

**دووەم بەخشین بۆ جەژنی خۆشی بوو لە ئۆرشەلیم (ئیسڕائیل)**

بەرهەمی بەخشینی هەموو ئیسڕائیلییەکان لە دانەوێڵە و شەراب و ... هتد لە ئامادەی خودا و لە شوێنی موسادا لە پەرستگا لە ئۆرشەلیم نۆبەرەی ڕەشەوڵاخ و مەڕ و ماڵات وەکو قوربانی دەهێنران و لەو ژەمەدا دەخوران "وتەکان 15 : 19 ـ 20 " ئەمە هەموو ساڵێك ڕوویدەدا، بە تایبەتی ئەو کاتەی کە ئیسڕائیلییەکان بۆ ئاهەنگگێڕان لە پاییزدا دەچوونە ئۆرشەلیم "دەرچوون 23 : 61" ئەم بەخشینانە وەکو بەرهەمی لێڤییەکان

ئەژمارد نەدەکرا. بەڵکو وەکو ڕاگەیاندنێك بۆ موسا و شوێنکەوتەیی ئەو. ئەگەر ئیسڕائیلییەك زۆر دووربوایە بۆ هێنانی بەخشینەکەی بۆ ئۆرشەلیم ئەوا دەیتوانی بیفرۆشێت و پارەکەی بەکاربهێنێت بۆ کڕینی هەر شتێك کە حەزی لێ بوو, وەکو ڕەشەوڵاخ و مەڕ وماڵات و شەراب و خواردنەوەکانی دیکە یان هەر شتێك حەزی لێ بووایە بۆ جەژن "یۆحەنا 2 : 13 ـ 14 " بەیەکەوە لەگەڵ خێزانەکەی و خزمەتکارەکانی و وەکو لێڤییەکان لە شارۆچکەکەی خۆیدا بەهیوای ئامادەگی موسا, وەکو نیشانەیەك بۆ ڕێزگرتنی موسا.

2. دووەم بەخشین: مامۆستایانی جولەکە لە سەدەی یەکەمی زایینیدا ئەم بەخشینەیان داناوە (دووەم بەخشین) کە تیایدا بەشی دەیەم لە هی بەخشینەکە دەدرایە لێڤییەکان.

3. سێیەم بەخشین، بەخشین بۆ هەژاران

"وتەکان 14 : 28 ـ 29 ، 26 : 12 ـ 15 " بخوێنەوە.

بەخشین بۆ هەژاران: لە کۆتایی هەموو سێ ساڵێکدا هەموو ئەو بەخشینەی کە لە بەرهەمی ئەو ساڵە کۆدەکرایەوە لە شارۆچکەکانەوە ئەمبار دەکرا بۆ ئامادەکردنی خواردن بۆ ئەو لێڤییانەی کەوا هیچ پێدراو یان بەشێکیان نەبوو، هەتیوان، بێوەژنان کە لەو شارۆچکانەدا دەژیان, بە گشتی ئەمە بەخشین بوو بۆ هەژاران. ئەم هەژارانە دەیانتوانی بێن خواردن بخۆن و پاشان بە ئارەزووی خۆیان لەو شوێنە دەبوون و دڵخۆش دەبوون. هەروەها بۆ هێشتنەوەی پیرۆزی تایبەتمەندی ئەو بەخشینە, واتا بۆ ئەوەی پەسەند بێت، خودا چەند نەریت و یاسا و ڕێسای بۆ داناوە. دەبوایە ئەوەی بەخشینەکە دێنێت لەپێش موسا بانگەوازێك بکات, لەوانەیە لە کاتی سەردانی بوێت بۆ ئۆرشەلیم "وتەکان 26 : 13 ـ 15" دەبووایە ئاشکرای بکردبووایە کە ئەو هەموو بەخشینەکەی هێناوە و هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەکردووە. ئەم بەخشینە پێی دەووترێ (بەشی پیرۆز) لەبەر ئەوەی لە ڕاستیدا بۆ پەرستگا نەهێنرابوو, بەڵکو هێشتا هەر لەبەر خاتری خوداوەندە (بۆ نموونە: بۆ خزمەتی موسا) بەم شێوەیە ئەم بانگەوازی و ئاشکراکردنەش بە پاڕانەوە بۆ پیرۆزکردن و بەپیتکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی ساڵی نوێ کۆتایی پێ دێت.

سێهەم بەخشین بۆ هەژاران: بەخشین بۆ ساڵی سێیەم "وتەکان 14 : 28 ـ 29" هەروەکو ئەو بەخشینەیە کە بۆ جەژنی خۆشی و شادی دەکرێت, بە ئامادەگی موسا (دووەم بەخشین "وتەکان 14 : 22 ـ 27 ") بەڵام هەر سێ ساڵ دەدرێتە لایەنێکی جیاواز کە پێی دەووترێ (هەژارەکان) قەبارەی ئەو بەخشینە لە ڕاستیدا لەوانەیە هەر دەیەکەکە بێت، مامۆستایانی جولەکە لە سەدەی یەکەمی زایینیدا بەم بەخشینەیان دەووت (بەخشین بۆ هەژاران).

ئەنجام: ئەگەر "وتەکان 14 : 28" وەها لێك بدرێتەوە وەکو: (دووەم بەخشین لە سێیەم ساڵدا) کەواتا خەڵکی سەردەمی پەیمانی کۆن لە ڕاستیدا داواکراون بۆ بە لایەنی کەمەوە دانی دوو لە دەی ئەو بەخشینە کە یەکسانە بە پێنجیەکی بەرهەم بۆ موسا و خزمەتکارەکانی لە گەلی ئیسڕائیل. هەموو ساڵێك یەك لە دەی بەخشین بۆ لێڤییەکان دەچوو بۆ خزمەتکردنی پەرستگا و بەرەوپێشبردنی. هەروەها هەموو ساڵێك بۆ دوو ساڵ بەخشینی دووەم وەکو خۆراك لە ئۆرشەلیم لە کاتی جەژندا دەدرا, بەڵام هەموو سێیەمین ساڵێك بەخشینی دووەم دەخرایە لایەکەوە بۆ هەژارەکان لە شار و شارۆچکەکانی خۆیاندا.

4. بەخشینەکان جۆرێك لە قەرزی بەکرێگرتنی زەوی بوون کە لەلایەن ئیسڕائیلییەکانەوە بۆ خودا بوو،

ئەو بەخشینانەی کە پەیوەندیان بە خوداوە بوو بە بەخشینی (پیرۆز بۆ خودا) واتا ئەوان بەشێك لە بەرهەمەکەی خۆیان دەخستە لایەکەوە بۆ خزمەتی خودا "لێڤییەکان 27 : 30" زەویە پیرۆزەکە هی خودا بوو, بەڵام ئیسڕائیلییەکان ڕێگەیان پێ درابوو تاوەکو لەبەرهەمەکەی بخۆن "لێڤییەکان 25 : 23" بەخشینەکان جۆرێك بوون لە قەرزی زەویەکان کە لەلایەن ئیسڕائیلیەکانەوە دەدرایەوە بۆ خاوەنەکەی کە خودابوو, بەم شێوەیە ئەم بەخشینە هیچی دیکەی نەدەهێشتەوە، ئەوە نەبێت کە ئەو ئیسڕائیلییانە وەکو کرێچییەك وان لەسەر زەوی پیرۆز. ئەوان هەرگیز خاوەنی زەوی پیرۆز نەبوون, بەم شێوەیە بەرهەمی بەپیت و ڕاستەقینەی ئەم زەویانە و مەڕ و ماڵاتیان نیشانەی زەوی پیرۆز بوو. لەبەر ئەوە ئیسڕائیلییەکان بەشێك لەو بەرهەمەیان وەکو ستایشێك بۆ خودای خاوەن زەوی دەبەخشی.

5. نابێت بەخشینەکان ئاڵوگۆڕ بکرێن، بەڵام دەتوانرێت بکڕێنەوە و هەڵبگیردرێنەوە.

بەپێی پەڕتوکی جولەکەکان (بیکۆرۆس 58ب) ئاژەڵەکان دەبردرانە شوێنێك کە لە شێوەی پیتی (v) دابوو لەگەڵ بوونی دەرگایەك بۆ هەر گیاندارێك, لەهەر کاتێکدا ئەوان هەمووی لەژێر کۆنترۆڵی شوانەکەدا بوون وە هەڵی دەبژاردن "ئیرمیا 33 : 13". شوانەکە هەر دەیەم ئاژەڵێکی بە پارچە تەختەیەك و بۆیەی سور نیشانە دەکرد. لەوانەیە خاوەنەکە نەیزانیبووایە ئەو پرۆسەیە بەباشی ڕێك بخات و بەجۆرێك کە باشترین جۆری ئاژەڵ بۆ خۆی بهێڵێتەوە. جا ئەگەر ئەو کەسە هەوڵی گۆڕینی بدابووایە, واتا یەکێکی خراپی دابنابووایە بۆ خودا و یەکێکی چاکی بۆ خۆی دابنابووایە ئەوا لە دوایدا دەبووایە هەردووکیانی ببەخشیبووایە و تاوانبار دەردەچوو. ئەگەرنا کڕینەوەی هەر جۆرێك لەو بەخشینانە ڕێگەپێدراو بوو. بۆ نموونە ئەگەر خاوەنی ئاژەڵەکە بیویستبووایە ئەو مەڕە یان بەخشینە بۆ خۆی هەڵبگرێتەوە ئەوا دەیتوانی بە پارە بیکڕێتەوە. بەڵام لە دوایدا دەبووایە پێنجیەکی لەو نرخە بە خودا ببەخشیبووایە "لێڤییەکان 27 : 30 ـ 33"

ج- بەخشین لەدووای دوورکەوتنەوە (کۆچکردن)

لەدووای دوورکەوتنەوە و کۆچکردن بەخشین بووە باج, بۆ پشتگیریکردنی پەرستگا و خزمەتکارەکانی، واتا پاراستن و هێشتنەوەی هەیبەت و ترسی پەرستگا.

1. نحەمیا لە ماوەی یەکەمین جاریدا کە بووە پارێزگار، بەڕێوەبەری بەخشینی دامەزراند (445 ـ 433 پ.ز.)

لەدوای گەڕانەوەیان لە بابل (538 پ.ز.) گەلی خودا پەرستگایان بنیادنایەوە و دایانمەزراندەوە (516 ـ 521 پ. ز.) (عەزرا 6 : 15) لەدووای ئەوە سەرکردەکان و مالمەکان و لێڤیەکان پەیماننامەی ڕەزامەندییان بەیەکەوە مۆرکرد "نحەمیا 9 : 38" کە تیایدا پەیمانیان دابوو کە یاساکانی خودا پەیڕەو بکەن, کە لە ڕێگای موساوە بۆیان هاتبوو "نحەمیا 10: 29" ئەمەش چەندین شتی وەکو مارەکردن لە دەرەوەی یاسا، پاراستنی جەژنی خوداپەرستی، هێشتنەوەی خزمەتی پەرستگا بە دانی باج بۆ پەرستگا، ئامادەکردنی دار بۆ ئاگری قوربانییەکان, هێنانی نۆبەرەی مێگەل و ڕەشەووڵاخ, هەروەها لەکۆتایدا هێنانی بەخشینی دانەوێڵەکانیان بۆ لێڤییەکان "نحەمیا 10 : 30 ـ 39"

لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازیەك هەبوو بە بەراورد لەگەڵ یاساکانی موسا (1447 ـ 1407 پ.ز.) لەدووای دوورکەوتنەوە خەڵك بەخشینەکەیان بۆ پەرستگا نەدەهێنا, بەڵکو دەبووایە لێڤییەکان بچووبوونایە و هەموو ئەو بەخشینەیان بۆ پەرستگا کۆبکردایەوە. ئەمەش لەژێر چاودێری مالمەکان دەکرا کە دەیەکی ئەو بەخشینەیان وەردەگرت, ئەم بەخشینانە لە ئەمباری پەرستگادا هەڵدەگیران "نحەمیا 10 : 37 ـ 39" بەم شێوەیە لە ڕۆژانی سەردەمی نحەمیادا مالمەکان و لێڤیەکان کە پێکهاتبوون لە سروودبێژ و پاسەوانان، داهاتی خۆیان لەو بەخشینە وەردەگرت "نحەمیا 12 : 44 ـ 47".

2. مەلاخی، ئیسرائیلیەکانی ووریاکردەوە لە هێنانی ئەو بەخشینە (432ـ 320پ.ز) لە دواییدا کە نحەمیا دیارنەما لە ئۆرشەلیم (433ـ 432پ.ز) مالمەکان کە بەرپرس بوون لە ژووری خەزێنەکان بەخشینی بەشی لێڤییەکانیان پشتگوێ خست و زۆریان لێ دەکردن تاوەکو بچن هی دیکە کۆبکەنەوە و بیهێنن نەوەکو لەپەرستگادا خزمەت بکەن "نحەمیا 13: 4 ـ 10" بەهۆی مەلاخی پێغەمبەرەوە سەرزەنشتی ئیسڕائیلیەکانی کرد بەهۆی دزین و تاڵانکردنی بەخشینەکان "مەلاخی 3 : 6 ـ 12" وە بەهۆی دوور کەوتنەوەیان لە خوداپەرستی لەپەرستگادا. لەڕاستیدا خودا زۆر لەئیسرائیلیەکان نیگەران بوو لەبەر ئەوەی پشتیان لەبڕیارەکانی خودا کرد و هەرگیز شوێن پێی باوك و باپیرانی خۆیان هەڵنەگرت. ئیسرائیلیەکان هەرگیز بەڕاستی شەریعەتیان جێبەجێ نەکردووە و بەخشینەکانیشیان کردە ساختەکاری و فڕوفێڵ ئەنجامی ئەو پشت گوێ خستن و ساختەکارییە ئەوەبوو کە خودا دووبارە نەفرەتی لە ئیسڕائیلیەکان کردەوە کە دواتر قاتوقڕی و وشکە ساڵی بەدوادا هات "حەگی 1: 2 ـ 11" وە کوللە بەربووە دەوغڵودان "یوئێل 1: 4 ، 13" خودا داوای لێکردن کە تەواوی بەخشینەکانیان بهێنن بۆ خەزێنە، ئەمەش لەرێگەی موساوە بوو، ئەوەبوو کە خودا پەیمانی دا ئەگەر ئەوان بەخشینی خۆیان ببەنەوە بۆ خەزێنەکانی پەرستگا و پشتگیری خزمەتکارانی پەرستگای پێ بکەن ئەوا خوداش دەرگای بارانی دەکاتەوە و ئاو بەسەر زەویەکانتاندا دەڕژێنێت "پەیدابوون 7: 11 ـ 12" کە ئەویش دەبێتە هۆی بوونی بەروبوومێکی بێ شومار و خودا پەیمانی دا کە کوللە و زیندەوەری زیانبەخشی دیکە لە دەغڵودانەکانیان دوور بخاتەوە "مەلاخی 3: 11ـ 12". ئەم "مەلاخی 3: 10" باسی فەرمانێك نییە بۆ مەسیحیەکانی سەردەمی پەیمانی نوێ بێت، بەڵکو بۆ جوولەکەکانی پەیمانی کۆن بوو، تاوەکو شوێنی یاسا فەرمییەکان بکەون (بەخشین و قوربانی ئاژەڵ) وە بۆ هێشتنەوەی خزمەتی پەرستگا لەسەر دەمی پەیمانی کۆندا، بۆ هێشتنەوەی مالمەکان و لێڤیەکان.

3. لەماوەی دووەم جاری نحەمیا دا کە بووەوە بە پارێزگار دووبارە بەخشینی گێڕایەوە (432 پ.ز).

بە ئاشکرایی خەڵك گوێیان بە قسەکانی مەلاخی نەدەدا، لەبەرئەوەی کاتێك نحەمیا گەرایەوە بۆ ئۆرشەلیم دەبووایە کارەکەی پێشووی وەك خۆی بگێڕابووایەوە، نحەمیا سەرزەنشتی کاربەدەستانی کرد و بانگی لێڤیەکانی کردەوە بۆ کارەکانیان، پاشان داوای کرد کەخەڵکی شیاو لەسەر خەزێنەکان دابنرێن، تاوەکو بە ڕاستگۆیی ئەو خەزێنانە بەڕێوەبەرێت وە خزمەتی مالمەکان و لێڤیەکان بکات "نحەمیا 13: 11 ـ 13".

**د. مێژووی بەخشین**

مێژووی بەخشین هەمووی بەیەکەوە ڕوون نییە لەپەیمانی کۆندا

1. بەخشین لە سەرەتای هاتنی دووەم سیپارەی کتێبی پیرۆز 1447 پ.ز: لەسەردەمی دەستپێکردنی دەسەڵاتی موسا لە (سینا)(بەخشینی هەموو بەرهەمێکی زەوی) وە (بەخشینی هەموو بەرهەمێکی ئاژەڵ) دەگەڕایەوە بۆ لای خودا "لێڤیەکان 27: 30 ، 32"

2. بەخشین لە دووەم سیپارەی کتێبی پیرۆزدا 1446 ـ 1407 پ.ز : دوایی لە ماوەی بەرزی و گەورەیی کاهینییەتی هارون وەکو تاکە (بەخشین لە هەموو بەرهەمی زەوی) باسکراوە بەداهاتی لێڤیەکان "ژمارە 18: 20 ـ 32".

3. بەخشین لە کۆتای سەردەمی دووەمین سیپارەی کتێبی پیرۆز 1407پ.ز: دوایی لەماوەی کۆتای دەسەڵاتی موسادا (بەخشین لەهەموو بەرهەمی زەوی) دەهێنرا بۆ شوێنی پیرۆزی پەرستگا تاوەکو هەڵبگیرێت بۆ جەژنەکان، وەکو خۆراك دروست بکرێت. لەکاتێکدا هەر سێ ساڵێك ئەم بەخشینە دابەش دەکرا لەنێو لێڤیەکان و خەڵکی هەژار و کەم دەرامەتدا بۆ پشتگیری کردنیان "وتەکان 12: 6 ـ 7، 11ـ 12، 17 ـ 19 ، 14: 22 ـ 29"

4. بەخشین پێش دوورکەوتنەوە 713 ـ 696 پ.ز: پێش کۆچکردن و دوورکەوتنەوە، پاشا (حزقیال) توانی پەرستگا پاك بکاتەوە و بیگێڕێتە دۆخی جارانی خۆی بۆ پەرستن کاهینەکانی دیاری کردەوە لەگەڵ لێڤیەکان بۆ سەرۆك و کارەکانی خۆیان وە داوای لەخەڵك کرد کەبەشی بەخشینەکانیان بهێنن بۆ خزمەتکردنی پەرستگا (بەخشینی شتە پیرۆزەکان) تەرخان دەکرا بۆ خودا، ئەمەش لە هەموو جۆرە دانەوێڵە و خواردنەوە و هەنگوین و هتد... پێکهاتبوو، لەگەڵ بەرهەمی بەخشینی ئاژەڵ.
5. بەخشین دوای دوورکەوتنەوە 445ـ 420پ.ز: دوای بەخشین (بەخشینی هەموو بەرهەمی زەوی) وەکو باجێکی لێهات بۆ پەرستگا. خەڵك خۆی نەیدەهێنا بەڵکو لەلایەن لێڤیەکان و کاهینەکانەوە کۆدەکرایەوە، تاوەکو لە خزمەتی پەرستگادا بەکاری بهێنن "نحەمیا 10: 37 ـ 39، 13: 12 ـ 13،" "مەلاخی 3: 6 ـ 12".
6. بەخشین لەماوەی سەدەی یەکەمی زاینیدا: مامۆستایانی جولەکە لەماوەی سەردەمی مێژوونوس جۆزیخۆس دا (سەدەی یەکەمی زاینی) بەم شێوەیە کێشەکانیان چارەسەر کرد:
1. هەموو ساڵێك دەبێت جولەکەکان یەکەم بەخشینی بەرهەمەکانیان بدەنە لێڤیەکان وە دەبێت لێڤیەکانیش دەیەکی ئەو بەخشینە بدەنەوە بە کاهینەکان، ئەمەش وەکو خزمەتێك بۆ لێڤیەکان و کاهینەکان لە خزمەتی پەرستگادا "ژمارە 18: 20 ـ 32، لێڤیەکان 27: 30 ، 32".
2. هەموو ساڵێك دەبێت جولەکەکان دووەم بەخشینی خۆیان بهێنن بۆ ئۆرشەلیم، ئەمەش تاوەکو بکرێتە خۆراك بۆ ژەمی قوربانییەکان لە پەرستگادا "وتەکان 14: 22 ـ 27".
3. هەموو سالی سێیەمێك دەبێت جوولەکەکان سێیەم بەخشینی خۆیان بگەڕێننەوە لە ناوچەی خۆیان، تاوەکو بۆ پشتیوانی و یارمەتی هەژاران بەکاری بهێنن "وتەکان 14: 28 ـ 29 ، 26 : 12 ـ 15".
ئەنجام: مامۆستا جولەکەکان لەماوەی سەردەمی سەدەی یەکەمی زاینیدا، داوایان لە جولەکەکان دەکرد تاوەکو هەموو ساڵێك دوو یان سێ لە دەی بەخشینەکانیان بدەن وە هەروەها سێیەم بەخشینیش لە هەموو سەری سێ ساڵێکدا جارێك پێویست بوو لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستای جولەکەکان دەسەڵاتیان هەبوو بۆ دانانی یاسا بەڵام بۆ پاراستنیان نا "لۆقا 11: 46" "مەتا 23: 1 ـ 4"
ح. بەخشین لە پەیمانی نوێدا پێش لەخاچدانی عیسای مەسیح
مەتا 23: 23 ـ 24 بخوێنەوە، ئەندامانی کۆمەڵەی ئایینی جولەکەکان و مامۆستایانی جولەکە نزیکەی 613 یاسایان داهێنا (248 یاسای فەرمانی، 365 یاسای قەدەغەکردن) ئەم یاسایانە پێیان دەووترا (نەریتی بەساڵاچووەکان) "مەرقۆس 7: 3" مەسیح دەربارەیان دەڵێت "ئەوان بەبێ سوودو بێکەڵك دەپەرستن ، ئەو ئامۆژگاریانەی ئەوان تەنها لەچەند یاسایەك پێکهاتووە کە تەنها بۆ خۆیانە" بە نموونە: ئەوان هەندێ جۆری گیای بۆنداریان وەکو بەخشین بەکاردەهێنا کە لەناو باخچەکانیاندا دەڕوا و وە لە ئامادەکردنی خواردن بەکار دەهات، لەکاتێکدا کە لەیاسای پەیمانی کۆندا ئەمە باس نەکرابوو، هەرگیز ئەمە لەو جولەکانە داوا نەکرابوو پەیمانی کۆن دەربارەی بەخشینی گژوگیا هیچ ناڵێت، یان دەربارەی ڕووەکی شبیتو زیرە و ...هتد. لەجیاتی ئەوە داوای بەخشینی بەرهەمی ساڵانەی زەوییەکانیان دەکات، واتا ئەوەی کە خودا وەکو بەخشین داوای دەکات دانەوێڵە و خواردنەوە و هەندێ شتی دیکە دەگرێتەوە نەك گژوگیا، ئەمە ئەوەی دەگەیاند کە فەریسییەکان ئەندامی جولەکە بوون لەگەڵ مامۆستایانی جولەکە لە نرخی یاساکانی تەوراتیان کەم کردبۆوە. ئەوان بابەتە بچووکەکان دووپات دەکردەوە و بابەتە گەورەکانیان پشت گوێ خستبوو، وەکو بابەتی دادپەروەری و میهرەبانی و دڵسۆزی و باوەڕداری. عیسا بۆمان باس دەکات کە فەریسییەکان دەبوایە دادپەروەری و میهرەبانییان تاقی

بکردابووایەوە و جێبەجێیان بکردبووایە، بەبێ پشتگوێخستنی یاساکانی بەخشینی پەیمانی کۆن. گرنگە کە سەرنج بدەینە ئەو وتارەی عیسا کە دەڵێت ئەمە بۆ مەسیحییەکان نییە بەڵکو بۆ جولەکەکانە، عیساش ئەوەی پێش لەخاچدانی گوتووە، پێش مردنی عیسای مەسیح پەیمانی کۆن داوای پەرستنی خودا و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی دەکات لە هەر کوێیەك بێت، واتا کاتێك عیسا ئەوەی گوتووە یاساکانی بەخشین هێشتا هەر بەرکار و ڕەوا بوونە "لۆقا 18: 12".

هەندێ یاسای زۆر گرنگ بۆ دەرپرینی ڕاستی ئینجیل:

- سەرنجی بیسەران: مەسیح قسەی بۆ جولەکە فەریسییەکان دەکرد، بەڵام بۆ مەسیحیەکان نا.
- سەرنجی کات: عیسا پێش لەخاچدانی قسەی بۆ کردن کە تیایدا شەریعەتی هەڵوەشاندەوە و لەو شەریعەتانەش شەریعەتی بەخشین.
- سەرنجی نیاز: عیسا نیازی وابوو کە جولەکە فەریسییەکان و مامۆستایانی جولەکە فێری شەریعەتێك بکات کە لە پێشتردا دەسەڵاتیان بەسەردا نەبوو "مەتا 15: 1 ـ 20؛ مەتا 23: 23ـ 24" بەڵام عیسا مەبەست و نیازی نەبوو کە مەسیحییەکان فێری بەخشین بکات، هەروەها داوای بەخشینیشی لێ نەکردن.

خ. بەخشین لە پەیمانی نوێدا، دوای لەخاچدانی عیسای مەسیح

1. وشەی (شەریعەت) چەند مانایەکی هەیە لە ئینجیلدا

أ. شەریعەت وەکو داواکاری خودا

شەریعەتی خودا بریتییە لە پیرۆزی و ڕاستگۆیی خودا کە تیایدا داوا دەکات ژیانێکی سەددەرسەد خۆش بۆ خەڵکی مسۆگەر بکرێت وە هەموو سنوربەزێنانیش سزا بدرێن، هەموو خەڵك (بە شەریعەت حوکم دەدرێن) "ڕۆما 2: 12 ـ 16" شەریعەتەکانی خودا داوای دادگەری تەواو و ڕاستگۆیی دەکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی کەس شەریعەتی خودای نەپاراست و جێبەجێی نەکرد "یاقوب 2: 10" وە هیچ سروشتێکی مرۆڤ ناتوانێت شەریعەت بپارێزێت. لەبەر ئەوە هەموو خەڵکی دووچاری چارەنووسی خراپ دێن "ڕۆما 3: 19 ، 8: 1"، هەندێك جار بەر نەفرەتی خودا "گەلاتیا 3: 10" دەکەون واتا تەنها کەسێك سزا وەرناگرێت "ڕۆما 3: 20 ، گەلاتیا 2: 16" بەڵکو هەرکەسێك سەرپێچی بکات.

ب. شەریعەت وەکو داواکاری ڕاستودروستی خودا لەسەردەمی پەیمانی کۆندا.

خودا هەرگیز نیازی وا نەبووە کە شەریعەتەکانی لە دە فەرماندا کۆبکرێنەوە "دەرچوون 20: 1 ـ 17" یان لە شەریعەتی خۆشەویستیدا "لێڤیەکان 19: 18 ، وتەکان 6: 5" بەڵکو ئەو یاسایانە هۆکارێك بوون بۆ گەیاندنی ڕاستگۆیی و ڕەوشت بەخەڵك. لەبەر ئەوەی خەڵك پێش وەرگرتنی شەریعەتەکان پارێزراو بوون "دەرچوون 20: 1ـ 2" شەریعەتە ڕەوشتییەکان داواکاری خودا بوون بۆ ئەو جولەکانەی ئیسرائیل، تاوەکو لە ژیانێکی باشتردا بژین و ئاسوودە بن.

ت. شەریعەتەکان وەکو داواکاری فەرمی خودا لە ماوەی پەیمانی کۆندا

یاسا نەریتیە ڕەسمیەکان بریتین لەداواکاریەکانی خودا تاوەکو خەڵکی ئیسرائیل لێیەوە نزیك ببنەوەو بیپەرستن، یاساکان دابەشکراون بەسەر کەسە پیرۆزەکان (وەکو قەشەکانو لێڤیەکان) وە شوێنە پیرۆزەکان (وەکو چادرگەی کۆبوونەوەو پەرستگا)، کاتی پیرۆز (وەکو ڕۆژی بەرۆژووبوونو جەژنەکانی تر) وە کارە پیرۆزەکان (وەکو خەتەنەکردن ، قوربانی کردن ، بەخشین ، دەست نوێژ، خواردنی تەنها خواردەمەنی پاك) وە بیرت بێت کە (یەکەم بەخشین) وەکو باجێکی ئاینی وابوو بۆ خزمەت کردنو پاڵپشتی کردنی پەرستگا (وە دووەم بەخشین ) جۆرێك بوو لە فیستیڤاڵێکی کۆمەڵایەتی ئایینی ئیسرائیل .

ج. یاساکان وەکوداواکارییەکی میللی خودا لەسەردەمی پەیمانی کۆندا

خودا هەرگیز نیازی وانە بووە کە ئیسڕائیل دەوڵەتێکی سیاسی بێت وەکو دەوڵەتەکانی تر لە جیهاندا بەڵکو خودا نیازی وابووە کە ئیسڕائیل ببێتە دەوڵەتێکی ئایینی بەفەرمانداری خۆی وەکو پادشا "یۆحەنا18 : 36 ـ 37 ، 1ساموێل 8: 7 ـ 20" . یاسا کۆمەڵایەتیەکانو مەدەنیەکان داواکاری خودا بوون بۆ خەڵکەکەی تاوەکو وەکو دەوڵەتێکی ئاینی کار بکەن ، یاسا مەدەنیەکان بەتایبەتی مامەڵەیان لەگەڵ سیستەمە یاساپەکەی دەوڵەتی ئاینی دەکرد ، پیرت بێت کی (سێیەم بەخشین) وەکو باجێکی کۆمەڵاپەتی وابوو کە بۆ یارمەتیدانو پاڵپشت کردنی هەژارانو کەم دەرامەتەکان بوو لەناو دەوڵەتی ئاینی ئیسرائیل دا . سەرەڕای ئەمەش پادشاکان زۆریان لەخەڵکەکە دەکرد بۆ بەخشینی دە یەکی زەوی و دانەوێڵەو میوەو ئاژەڵ و .. هتد بۆ پادشاکان "1ساموێل 8: 7 ـ 20" .

2. یاساکان بە ئامانج گەیشتن لەیەکەم هاتنی عیسای مەسیحدا

أ. بەدیهێنانی داواکاریو فەرمانەکانی یاسای ڕەوشت

شەریعەتە ڕەوشتییەکانی خودا بە دوو ڕێگا بەدیهاتن، لە یەکەم هاتنی عیسای مەسیحدا ئەو شەریعەتە ڕەوشتییانەی خودای بەدیهێنا و بانگەشەی بۆ کردن و داوای لە باوەڕداران کرد کە شوێن شەریعەتەکان بکەون. فەرمان و داواکارییە ڕەوا و دروستەکانی خودا بە تەواوی و بە لەسەداسەد بەدی هاتن، کاتێك کە عیسای مەسیح لەخاچدرا و مرد. دوای ئەوە لەمردنەوە زیندووکرایەوە تاوەکو بیسەلمێنێت کە خودای باوك تەواوی کاری ئەوی قبوڵ کردووە دەربارەی ڕزگارکردن، عیسای مەسیح هەموو داواکاریەکانی فەرمانی خودایی بەجێگەیاند، بە ژیان لەناو ژیانێکی بێ گوناهدا "عیبرانییەکان 7: 26"، بە یەك جار ژیان بۆ تاهەتایە و مردن لەسەر خاچ وەکو قوربانی تەواو بۆ نەهێشتنی سزا و ئازاری گوناهەکانی خەڵك (ئەمەی بە جارێك کرد کە خۆی پێشکەش کرد.) "عیبرانییەکان 7: 27" ئەو خەڵکی لەبەر نەفرەتی خودا دەرهێنایەوە و بەهۆی لەخاچدانی خۆی "عیبرانییەکان 7: 28". عیسای مەسیح نامەی ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی، خودای گەورەی ڕاگەیاند "مەرقۆس 1: 14 ـ 15" وە مانای تەواوی شەریعەتە ڕەوشتییەکانی خودای بۆ خەڵك شی کردەوە ئەو ڕایگەیاند کە پێویستە خەڵك چۆن لە سایەی شەریعەتەکانی خودادا بژیێت "مەتا 58: 17 ـ 48" بەم شێوەیە عیسای مەسیح بووە پەیامبەرێکی تەواو و بێگەرد بۆ تاهەتایە "کردار 3: 22ـ 23 ، وتەکان 18: 18 ـ 19" . بەم شێوەیە شەریعەتمان بە تەواوی بەدیهات و مانای تەواوی خۆی وەرگرت لە ژیانی فێرکاری عیسای مەسیحدا، ئەم شەریعەتە ڕەوشتییانە هێشتاش هەر ماونەتەوە "ڕۆما 13: 8ـ 10" مەتا 22: 36 ـ 40".

ب- بەدیهێنانی داواکاریەکانی شەریعەتە فەرمییەکان

لە سەرەتای یەکەم هاتنی عیسای مەسیح دا هەموو نەریت و سێبەری شەریعەتەکانی پەیمانی کۆن بوونە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر لە پەیمانی نوێدا (سەیری خاڵی 4 ـ 5 بکە "عیبرانییەکان 8: 5؛ 10: 1 ـ 4" بەم شێوەیە داواکارییەکانی شەریعەت بەدیهاتن و پاشان هەڵوەشێنرانەوە "مەتا 5: 17؛ کۆلۆسی 2: 14؛ ئەفەسۆس 2: 14 ـ 15"

ج- بەئاوات گەیشتنی یاسای شارستانی: لە سەرەتای هاتنی یەکەمی عیسای مەسیحدا شانشینی خۆی دامەزراند، نەك تەنها هەر لەسەر ئیسڕائیل، بەڵکو لە هەموو جیهان! ئەو بووە پاشایەکی تەواو، پاشای پاشاکان و دەسەڵاتداری دەسەڵاتدارەکان "ئاشکراکردن 19: 16" هەموو دەسەڵاتێکی سەر زەوی پێدرابوو "مەتا 28: 18" هەموو فێرکردنەکانی و سەرگوزەشتەکانی دەربارەی خودا و شەریعەتەکانی لە پەیمانی نوێدا جێگەی یاسا شارستانییەکانی گرتەوە، لە دەوڵەتی ئایینی ئیسڕائیلدا کە لەسەردەمی کۆندا هەبوون "مەتا 21: 42 ـ 44" بەم شێوەیە داواکارییە شارستانییەکان و نەتەوەی ئیسڕائیل ئاڵوگۆڕیان پێ کرا بە بنچینەکانی پاشایەتی خودا.

د- شەریعەتی ڕەوشتی خودا لە پەیمانی نوێدا هەمان شەریعەتەکانی سەردەمی پەیمانی کۆن بوو
لەلایەك شەریعەتەکان نەفرەت دەکەن لە شەریعەت شکێنان، یاخی بووان گوناهکاران بێ باوەڕان هەموو ئەوانەی پێچەوانەی خودا و فەرمانەکانی دەکەن، لەلایەکی دیکەوە شەریعەتە ڕەوشتییەکان هێشتاش وەکو ڕێبەرێکی خودایین کە ڕێگای ژیان و سەرفرازی پیشانی خەڵك دەدەن لەهەموو جیهاندا "مەتا 5: 21 ـ 48؛ 22: 37 ـ 40؛ ڕۆما 13: 8 ـ 10 ، گەلاتیا 5 : 14" عیسا شەریعەتە ڕەوشتیەکان وەك ڕێبەری خودا دەناسێنێت.
3. شەریعەت لەگەڵ یەکەم هاتنی عیسای مەسیحدا هەڵوەشێنرایەوە، "کۆلۆسی 2: 14" بخوێنەوە.
أ- شەریعەت هەموو خەڵك تاوانبار دەکات و نەفرەتیان لێ دەکات.
(نووسراو) بە ڕوونی ئاماژە دەکات بۆ شەریعەتەکانی پەیمانی کۆن لە هەردوو لایەنی ڕەوشتی فەرمی " کۆلۆسی 2 : 16 ـ 17" ئیسڕائیلییەکان دەڵێن کە ئەوان پەیمانێکیان بەستووە بۆ ئەو مەبەستە "وتەکان 27 : 26" لەبەر ئەوە کەس نەیتوانیوە لە پاراستنی شەریعەتی خودا ڕزگاریان بێت "ڕۆما 3 : 10 ـ 12، یاقوب 2 : 10" کەواتە مانای وایە کە کەس لە شەریعەت ڕزگاری نابێت "گەلاتیا 3: 10"
ب- عیسای مەسیح شەریعەتی بۆ باوەڕداران هەڵوەشاندەوە
بەهۆی لادان لە شەریعەتەوە لە خاچدانی عیسای مەسیح و سەپاندنی یاساکان بەسەریدا هەموو شتەکان پێچەوانە بوونەوە، واتا لەگەڵ لە خاچدانی عیسای مەسیح شەریعەتەکانیش مردن و هەڵوەشانەوە، دواکاری شەریعەت چیتر بەر نەفرەتی نەدەخستن بەهۆی لەخاچدانیەوە. عیسای مەسیح بووە هۆی وەستانی هێز و دەسەڵاتی باوەڕداران. شەریعەت چیتر نەیدەتوانی نەفرەت لەباوەڕداران بکات، لەگەڵ ئەوەشدا بێ باوەڕان و نامەسیحییەکان لەژێر شەریعەتدا دەمێننەوە هەروەها لەڕۆژی دوایدا بەپێی شەریعەت لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێ "ڕۆما 2: 12 ـ 16".
4. شەریعەت لە سەرەتای هاتنی عیسای مەسیحدا لابردرا "ئەفەسۆس 2: 13 ـ 18" بخوێنەوە.
أ- شەریعەت باوەڕدارانی جولەکە و باوەڕدارانی ناجولەکە لە یەکتری جیا دەکاتەوە، دوای ماوەی مەنفا دوورکەوتنەوە مالمانی جولەکە دەستیان کرد بە گۆڕینی شەریعەت، پاراستن و بایەخدان بە ڕووکاری دەرەوەی شەریعەت لەلایان گرینگتر بوو لەوەی لە ناوەڕۆکی شەریعەت "مەتا 5: 17 ـ 48" هەرگیز ڕەواییان بە شەریعەت نەدەدا چونکە 613 شەریعەتی نەریتی دیکەیان بۆ زیاد کردبوون "مەتا 15: 1 ـ 20" بەم شێوەیە مامۆستایانی جولەکە دیوارێکی سادە و ساکاریان بۆ شەریعەتە فەرمییەکانی پەرستگا داهێنابوو، بەمەش مافی پەرستگایان تەنها بەخۆیان ڕەوا دەبینی، قەدەغەبوو بۆ باوەڕدارانی ناجولەکە تاوەکو بێنە ناو پەرستگا لە "ئەفەسۆس 2 : 15" دا پۆڵس بەراودری شەریعەت و پەیوەندی بە دیوارە سادە و ساکارەکانەوە دەکات، مامۆستا و مالمەکان و ئەو شەریعەتەیان گۆڕیبوو بۆ دیوارێکی ڕۆحانی کە جولەکەکانی جیا دەکردەوە لە ناجولەکەکان. هەرچەندە بیروباوەڕی جولەکەکانیان قبوڵ کردبوو.
ب- عیسای مەسیح کۆتایی بە شەریعەت هێنا، ئەمەش بە کۆتاهاتنی بوونیەتی بۆ هەموو باوەڕداران.
بە مردنی لەسەر خاچ عیسای مەسیح ئەو دیوارە جیاکەرەوەی تێك شکاند لەنێوان باوەڕدارانی جولەکە و باوەڕدانی ناجولەکە، ئەو شەریعەتی هەڵوەشاندەوە کە کۆتایی بوو بۆ ئەو یاسایانە ئەو ئەمەی کرد بۆ دروستکردنی یەك کۆمەڵگەی مەسیحی لە دەرەوەی باوەڕدارانی جولەکە و ناجولەکەدا "ئەفەسۆس 2: 14 ـ 22؛ یۆحەنا 10: 16؛ ئەفەسۆس 3: 3 ـ 6" عیسای مەسیح تەنها شەریعەتە ڕەوشتییەکانی لانەدا و

نەیسڕیەوە، بەڵکو شەریعەتەکانی دیکەشی لادا وەکو مانایەك بۆ نزیکبوونەوە و پەرستنی خودا.
5. شەریعەت وەکو هەمیشە بەتەواوی گۆڕا هەر لە دەستپێکی هاتنی عیسای مەسیحدا، لەگەڵ سەرەتای هاتنی عیسای مەسیحدا گۆڕانکاریەکی ڕیشەیی لە شەریعەتدا هاتە کایەوە "عیبرانییەکان 7: 12" وانە فێرکاریەکانی پەیمانی نوێ بە ڕوونی ئەوەمان پیشان دەدات کە چۆن شەریعەتە جیاوازەکان هەڵوەشێنرانەوە! چۆن سێبەری شەریعەتی سەردەمی پەیمانی کۆن بووە ڕاستی لە سەردەمی پەیمانی نوێدا "کۆلۆسی 2: 17"
کاهینەکان وەکو سێبەر و واقع
کاهینەکانی پەیمانی کۆن بە فەرمانی هاڕوون ئاڵوگۆڕکران بە کاهینی پەیمانی نوێ بە فەرمانی مەلیکزادە کاهینییەتی لە ئیسرائیل هەڵوەشێنرایەوەو بوو بەیەك، کاهینی پلە و پایەبەرز و دەسەڵاتداری هەموو باوەڕداران مەسیح ئاڵو گۆڕی پێ کرا "عیبرانییەکان 7: 11 ـ 28"
پەرستگاکان وەکو سێبەر و واقیح
(چادری کۆبونەوە)ی پەیمانی کۆن "عیبرانییەکان 8: 1 ـ 6؛ 9: 1 ـ 8 ، 24" و پەرستگایی تەلار لە ئۆرشەلیم هەڵوەشێنرانەوە "مەتا 27: 51؛ کردار 7: 48 ـ 49؛ 17: 24 ـ 25؛ ئاشکراکردن 21: 22" پەرستگای سەردەمی پەیمانی نوێ لە بینای ئایینی دروست نەکراوە، بەڵکو کۆمەڵە خەڵکێك کە بەڕۆحی خودا دەژین " 2کۆرنسۆس 6: 14؛ ئەفەسۆس 2: 19 ـ 22"
جەژنی جولەکەکان وەکو سێبەرو واقع
جەژنەکانی جولەکە کە هی سەردەمی پەیمانی کۆن بوون هەڵوەشێنرانەوە "ڕۆما 14: 5؛ کۆلۆسی 2: 16 ـ 17؛ گەلاتیا 4: 8 ـ 11" عیسای مەسیح تەنها دوو جەژنی مەسیحیەتی دانا لە پەیمانی نوێدا، دوا شیوی عیسا پێش لەسێدارەدانی "مەتا 26: 26 ـ 28؛ 1کۆرنسۆس 11: 23 ـ 26" وە پیرۆز کردن بە ئاو "مەتا 28: 19" هەموو ڤیستڤاڵە مەسیحیەکانی دیکە کە تازە بوون وەکو جەژنی سەری ساڵ، هەیینی پیرۆز، ڕۆژی لەخاچدانی پیرۆز، جەژنی بەرزبوونەوە، جەژنی زیندووبوونەوە، وەکو نەریتێکیان لێ هاتوو داوانەکرابوون وەکو جەژنی فەرمی.
جەژنی حەوانەوە و خوداپەرستی وەکو سێبەر (تارمایی و ڕاستی) جەژنی شەممە، جەژنی حەوانەوە و پشودانە، لەسەردەمی پەیمانی کۆندا دەکەوێتە حەوتەم ڕۆژی هەفتەوە، دوایی هەڵوەشێنرایەوە و ئاڵوگۆڕکرا بە جەژنی کۆبونەوەوی باوەڕداران هەروەها جەژنی ئەنجامدانی کاری چاکە "مەرقۆس 2: 23 ـ 28؛ 3: 1ـ 6 " لە هەر ڕۆژێکی هەفتەدا بێت "کردار 20: 7؛ 1کۆرنسۆس 16: 2"
نوێژە فەرمییەکان وەکو سێبەر و واقع
نوێژەکانی سەردەمی پەیمانی کۆن کە سێ جار و لەهەفتەیەکدا ڕوودەکرایە ئۆرشەلیم "زەبورەکان 55: 17؛ دانیال 6: 10" ئاڵوگۆڕکران لە سەردەمی پەیمانی نوێدا بە نوێژکردن تەنها بۆ خودا "مەتا 6: 5 ـ 8" وە پاڕانەوەی نوێژخوێنان وەکو نوێژی خوداوەند "مەتا 6: 9 ـ 15"
ڕۆژوەکان وەکو سێبەرو واقع
ڕۆژووەکانی سەردەمی پەیمانی کۆن و شیوەن و گریانەکان هەڵوەشێنرانەوە وە ئاڵوگۆڕکران بە خۆشی و شادی بۆ بوونی عیسای مەسیح لە سەردەمی پەیمانی نوێدا "مەتا 6: 16 ـ 18؛ 9: 14 ـ 17؛ مەرقۆس 2: 18 ـ 22"
قوربانی وەکو سێبەر و واقع

هەموو پێشکەشکاری و قوربانییەکانی سەردەمی پەیمانی کۆن هەڵوەشێنرانەوە، لەبەر ئەوەی لە پەیمانی نوێدا هەموویان بە یەك قوربانی بۆ هەمووان ئاڵوگۆڕکران کە عیسای مەسیح بوو "یۆحەنا 1: 29؛ عیبرانییەکان 7: 27؛ 9: 9 ـ 14؛ 25 ـ25؛ 10: 10" وشەی یۆنانی (efhapax) بە مانای لە یەك کاتدا یان جارێك بۆ هەمووان.

بەخشین وەکو سێبەر و واقع

بەخشینەکانی سەردەمی پەیمانی کۆن هەڵوەشێنرانەوە بەڕێگای بەخشینی سەردەمی پەیمانی نوێ ئاڵوگۆڕکران "مەرقۆس 12: 41 ـ 44؛ لۆقا 6: 38؛ 1کۆرنسۆس 16: 2؛ 2 کۆرنسۆس 8 : 3؛ 12، 14؛ 9 : 6 ـ 7" سەیری نامیلکەی (4) و وانەی (44) بەخشین بکە .

خەتەنکردن وەکو سێبەر و واقع

خەتەنەکردنی سەردەمی پەیمانی کۆن هەڵوەشێنرایەوە و بە خەتەنەکردنی ڕۆحی ئاڵوگۆڕ کرا لە پەیمانی نوێدا، واتا تەنها بە دڵ دەکرا " ڕۆما 2: 28 ـ 29؛ 1کۆرنسۆس 7: 17 ـ 20؛ گەلاتیا 6: 15"

دەست نوێژ وەکو سێبەر و واقع

هەموو دەستنوێژەکانی سەردەمی پەیمانی کۆن -کە بریتی بوو لە شوشتن و ئاو پێداکردنی هەندێ ئەندامی لەش- ئەم دەست نوێژ گرتنە کە نیشانەی دوورکەوتنەوە و پاك بوونەوەیە لە گوناه "لێڤیەکان 14: 1 ـ 9؛ 4: 1 ـ 5؛ 13؛ 15: 11؛ حزقیال 36: 25 ـ 27؛ مەرقۆس 7: 2 ـ 4؛ لۆقا 11: 38 ـ 39؛ یۆحەنا 13: 5؛ 9: 10؛ عیبرانییەکان 10: 19 ـ 22"

خواردنی پاك وەك سێبەری واقع

یاساکانی پەیمانی کۆن سەبارەت بە خواردنی پاك وەك تارماییەکی پیرۆز کردن وابوو "وتەکان 14: 1 ـ 3" بەڵام لەسەردەمی پەیمانی نوێدا بە ووشەی خودایی ئەم یاسایانە هەڵوەشێنرانەوە، کە هەموو باوەڕداران بەجارێك بۆ هەتا هەتایە پاك دەکاتەوە "یۆحەنا 15: 3؛ ئەفەسۆس 5: 26" لەبەر ئەوە لە یەکەم هاتنیدا عیسای مەسیح ڕایگەیاند کە هەموو خواردنەکان پاکن "مەرقۆس 7: 19؛ ڕۆما 14: 2 ـ 6 ـ 13 ـ 23؛ کۆلۆسی 2: 16؛ تیمۆساوس 4 : 3 ـ 5".

**ئەنجام**: عیسای مەسیح جارێك ئاواتی بۆ هەمووان بەدی هێنا "مەتا 5: 17" شەریعەتی پەیمانی کۆنی هەڵوەشاندەوە و سڕینیەوە "کۆلۆسی 2: 14" واتا ئەو شەریعەتانە هەرگیز جارێکی دیکە بە باوەڕدارانی ناناسێنرێنەوە لەبەر ئەوەی شەریعەتی سەردەمی پەیمانی کۆن وەکو هەڵبژاردنی کاهینەکان، بنیادنانی پەرستگا، دروستکردنی شوێنی قوربانگا و هەندێك لە جەژنەکان و ڕۆژوو و قوربانی ئاژەڵ و خەتەنە و دەست نوێژ و مەڕاسیمە ئایینیەکان، ئەمانە ئاڵوگۆڕیان پێ کرا لەگەڵ ئەوەشدا کە لە پەیرەوەکانی بەخشینی پەیمانی کۆن "مەلاخی 3: 10" ئەمانەی دیکە چیتر وەکو ئەرك بەسەر باوەڕدارانی مەسیحیدا فەرز ناکرێت. خودا داوا لە مەسیحیەکان ناکات بۆ بەخشینی داهاتیان. بەڵام خودا داوا لەمەسیحیەکان دەکات کە هەمیشە بەخشندە بن، بەڵام ئازادانە و هیچ زۆریەکی تێدا نییە "2کۆرنسۆس 9: 6 ـ 7" تەنها داوای قوربانی ڕۆحیمان لێ دەکات "لۆقا 6: 38؛ کردار 20: 33 ـ 35؛ 2کۆرنسۆس 8: 3 ـ 9" سەیری نامیلکەی 4 وانەی 44 بکە.